# له رووباره‌وه بۆ ئۆقیانووس: خوێندنه‌وه‌یه‌ک بۆ شعره‌کانی نه‌زه‌ند به‌گیخانی

نووسینی شاعیر و وه‌رگێڕی به‌ریتانی: ریچارد مه‌که‌یین
وه‌رگێڕانی له‌ ئینگلیزیه‌وه‌: ئامانج حه‌مه‌ – له‌نده‌ن

پێشه‌کی وه‌رگێڕ:
ئه‌م بآبه‌ته‌ی خواره‌وه‌ هه‌ڵوه‌سته‌یه‌که‌ له‌سه‌ر شعره‌کانی نه‌زه‌ند به‌گیخانی که‌ له‌ لایه‌ن شاعر و وه‌رگێڕی به‌ریتانی ریچارد مه‌که‌یین له‌ ساڵی 2004 نووسراوه‌ و جگه‌ له‌ ئینته‌رنێت له‌ پێشه‌کی دیوانی "زه‌نگوڵی وتن" ی خاتوو نه‌زه‌ندا بڵاوکراوه‌ته‌وه‌ که‌ مانگی دیسێمبری 2006 به‌ زمانی ئینگلیزی که‌وته‌ به‌رده‌ستی خوێنه‌ری به‌ریتانی.

من نه‌زه‌ند به‌گیخانی ناناسم، به‌ڵام له‌ کۆڕ و کۆنفرانس بینیومه‌ که‌ قسه‌ی کردووه‌. قسه‌ و لێکدانه‌وه‌ مه‌وزوعیه‌کانی زۆر شوێنی سه‌رنج بووه‌. هه‌روه‌ها من نووسینه‌کانی نه‌زه‌ندم بینیوه‌ و زۆرم له‌سه‌ر خوێندۆته‌وه‌. ئه‌و خانمه‌ رۆشنبیره‌ به‌ڕێزه‌ باوه‌ڕی به‌کار و به‌رهه‌مهێنان و داهێنان هه‌یه‌ و له‌ ناو ئه‌ده‌بیاتی ئینگلیزی شایانی لێنراوه‌ (بڕوانه‌ http://en.wikipedia.org/wiki/Nazand_Begikhani ). له‌ رێگای ئه‌م خانمه‌وه‌ ده‌نگی راسته‌قینه‌ی کورد به‌ جیهان گه‌ییشتووه‌. نه‌زه‌ند خان زۆر که‌متر خۆی ده‌رده‌خات له‌و ناوبانگه‌ی که‌ هه‌یه‌تی. من وه‌کو پشتگیرییه‌ک له‌ ده‌نگێکی حه‌قیقی کورد له‌ ده‌ره‌وه‌ بریارم داوه‌ هه‌ندێ له‌و بابه‌تانه‌ وه‌ربگێڕم که‌ له‌ ئه‌ده‌بیاتی ئینگلیزی له‌سه‌ر ئه‌م خانمه‌ به‌ڕێزه‌ نووسراون که‌ پێویسته‌ کورد شانازی پێوه‌ بکات. ئامانج حه‌مه‌

له‌ رووباره‌وه‌ بۆ ئۆقیانووس

زه‌مه‌ن له‌ناو شیعره‌کانی نه‌زه‌ند به‌گیخانیدا هه‌ڵده‌قوڵێ یا به‌ناویدا رێده‌کا: رووباری منداڵی ئه‌و ده‌بێته‌ دیجله‌ی پڕ ته‌وژم و دواتر له‌ قه‌راغی لواغ و که‌ناره‌کانی ئۆقیانووسی ئه‌تله‌نتیک له‌ مه‌نفا خۆی ده‌بینێته‌وه‌. به‌ڵام نه‌زه‌ند ئاماده‌ نیه‌ له‌گه‌ڵ شه‌پۆله‌کانی زه‌مه‌ن یا ترادیسیۆن بڕوات؛ ئه‌و له‌ شعره‌کانیدا ده‌جه‌نگێ: ده‌جه‌نگێ دژی شاڵاوه‌کانی ئه‌نفال که‌ له‌ کۆتایی هه‌شتاکان رژێمی به‌عس له‌ دژی خه‌لکی مه‌ده‌نی کورد هه‌لیگیرساند، دژی تاوانه‌کانی کوشتن به‌ به‌هانه‌ی شه‌ڕه‌فه‌وه‌ و هه‌روه‌ها خه‌بات ده‌کات بۆ وێناکردنێکی مرۆڤانه‌ی کورد له‌ رۆژئاوا.

شعره‌کانی نه‌زه‌ند پڕن له‌ ئازار: ئازاری ژن، ئازاری نه‌ته‌وه‌ی کورد که‌ پێویسته‌ شاعر و خوێنه‌ری ئێره‌ گه‌واهی بۆ بده‌ن. ده‌مێکه‌ سیاسییه‌کانی رۆژئاوا و رۆژهه‌ڵات کوردیان نائومێد کردووه‌ و بزووتنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی کوردیش وه‌کو پێویست یه‌کگرتوو نه‌بووه‌. بۆیه‌ پێویسته‌ ئێمه‌ گوێ له‌ ده‌نگی شاعیرانی

مەنفای وەکو نەزەند بەگیخانی و شێرکو بێکەس و هەروەها شاعیری لاو چۆمان هەردی بگرین بۆ ئەوەی دەنگی راستەقینەی کورد ببیستین. پێویستە گوێ لە فەلسەفەی ئەخلاقی ئەوان بگرین کە تەجاوزی ئەو جیهانەی ئێستا دەکەن، هەروەکو چۆن کارەکانی شاعری رووس ئۆسیپ ماندەلسن تەجاوزی ستالینی کرد. ئەو دیکاتۆرانەی کورد دەچەوسێنەوە ناسراو و دیارن.

نووسینی مەنفا هەمیشە دوو رەهەندی هەیە: بە قەد ئەوەی نۆستالژیائامێزە، پڕیشە لە ناڵانەوە، بە قەد ئەوەی عاتیفیە، پڕە لە ئاوەز. شعرەکانی نەزەند بەگیخانی چوار ئاوەزیان گرتۆتە خۆی: ئەو لە کوردستان لە دایکبووە و بە عەرەبی خوێندوویەتی و ئینگلیزی و فەڕەنسیەکەشی ئەوەندە بەهێزن کە تەرجەمەیان پێدەکات. ئەمەش ئاساییە چونکە نەزەند بەگیخانی ساڵانێکی زۆری لە فەڕەنسا بەسەر بردووە و لە زانکۆی سۆربۆن خوێندی باڵای تەواو کردووە و بۆدلێر و ئێلیەتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لە شعرەکانی نەزەندا دەبینرێ کە چەند لە چەمکی زەمەنی ئێلیەت فێربووە و سوودی وەرگرتووە. لە شعری "لواغ" دا کاتێ دەڵێ "ئەمە زەمەنێکی وشکە" هەستێکی ئێلیەتیانە هەیە. تەنها بیر لەوە بکەنەوە کە وەرگێڕانی ئێلیەت و بۆدلێر چەند سەختە و چ دەوڵەمەندییەکیشە بۆ شعری کوردی و شعرەکانی نەزەند بە تایبەتی.

من سەرم سوڕما کە زانیم یەکەم نووسینی ئەکادیمی نەزەند تایبەت بووە بە پەیوەندیی ژن و پیاو لە رۆمانی "دۆستی لەیدی چاتەرلی" نووسەری ئینگلیزی لۆرەنسدا. هەروەها ماستەرنامەکەی تایبەت بووە بە کاریگەری شعری رۆمانسی ئینگلیزی، بە تایبەتی شێلی، لەسەر شعری نوێی کوردی. دواتر نەزەند دکتۆرای لە زانکۆی سۆربۆن بەدەستیهێناوە لەسەر وێنەی ئافرەتی کورد لەناو ئەدەبیاتی ئەورووپیدا.

ژیانی نەزەند گوزارەیەکی پڕە لە جینۆسایدی کورد لە لایەن رژێمی بەعسەوە؛ دوو برای ئەو لە زیندانی رژێمی بەعس لە سێدارە دراون و برای سێیەمیشی دوای رزگاربوون لە ئازار و ئەشکەنجەی بەعس، بە کارەساتێکی دڵتەزێن لە ئەڵمانیا گیانی لە دەستداوە. باوکی نەزەند لە ساڵی 1968 دوای ئازار و لێدانی بەعسیەکان کۆچی دوایی کردووە. نەزەند لە 1987 لە دەستی رژێمی بەعس رایکردووە بەڵام هیوای لەدەستنەداوە. لە ساڵی 1989 وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسی زەماڵەی خوێندن دەدات بە نەزەند و لە سۆربۆن دەست بە خوێندنی باڵا دەکات. نەزەند دەڵێ: "مرۆڤ تەنها بە داهێنانی هونەری، بە شعر، دەتوانێ تەجاوزی رق و ئازارەکان بکات."

کاتێ نەزەند دەبینی، دەگەیتە دیداری ژنێکی باڵابەرزی زراڤ کە بە هێمنی دەدوێ، کەسێکی نەرم کە بە ئاسانی لە نێوان فەڕەنسی و ئینگلیزی گوزەر دەکا. کەسایەتی نیان و جەنتڵی نەزەند سووتانی ئەو بۆ مافەکانی مرۆڤ ناشارێتەوە، بەڵکو کۆیان دەکاتەوە. نەزەند ئەو کەسە دەگمەنەیە کە باوەڕی بە دیالۆگ هەیە و رێزی راگرتووە بۆ رەهەندە جیاوازەکانی کێشەی کورد. هەروەها نەزەند یەکێکە لە سەرکردەکانی خەبات دژی کوشتن بە بەهانەی شەرەف و داکۆکیکاری مافەکانی ژنی کوردە.

من لە کۆبوونەوەیەکی رێکخراوی "مەرەکەبی نووسەرانی مەنفا" چاوم بە فیلمێک کەوت دەربارەی

ڕەشەکوژی هەڵەبجە بە گازی کیمیایی کە لە لایەن ڕۆژنامەنووسێکی ئێرانیەوە ئامادە کرابوو. کامیرای بێدەنگ لەسەر جەستەی تازە کەوتوو بە جلی ڕەنگاورەنگەوە دەچووە ناو ئەو ژوورانەی کە تەواوی ئەندامانی خێزان تازە مردوو ڕاکشابوون. دوای ئەو کارەساتە، وشەی شاعر و نووسەران، وشەی ئێمە، زۆر نەشیاوە بۆ دەربڕینی ئەو تراژیدیایە کە یەکێکە لە بەربەریترین ڕەشەکوژییەکانی سەدەی بیستەم، کە لە لایەن تاوانبار سەدام حوسێنەوە هاوتا لەگەڵ تاوانی ئەنفال کە کەمتر ناسراوە بە جیهێنراوە. خوێنەر، من لێرە سیاسەت ناکەم، ئەمانە ڕەمزی گەردوونین و لە شعری مۆدێرنی کوردیدا ڕەنگ دەدەنەوە.

لە شعرەکانی نەزەندا، دەبینین کە ئەو بەرگری لە جەستەی ژن دەکات. لە شعری "جەستەم هی خۆمە" ئەو دژی هێزی داپڵۆسێنەری گروپ خەبات دەکات: کاتێ دەڵێ "بەڵام من تەنها بووم و ئەوانیش گشت". ئەم دێرە زەنگێکە وتەی "سێ شاسواری" ئەلیکساندەر دۆما مان بیر دەخاتەوە کە دەڵێ: "یەک بۆ هەمو و هەمو بۆ یەک". کاتێ شعرەکانی نەزەند دەخوێنیتەوە، ئاسانە بۆ ئێمە ببین بە لایەنگری ئەو.

لە شعری "خەون" دا، نەزەند دەڵێ:

من لە خەوندا مار و خودا ئاشت دەکەمەوە
گوناهی حەوا دەسڕمەوە و
ئادەم بۆ بەهەشت دەگەڕێنمەوە

ئەم دێرانە کاریگەرترن کاتێ دەزانین چی بەسەر بورجی بابل و باغی عەدەن هاتووە. من نامەوێ ئەو نهێنیانە بدرکێنم کە شعری "پاڕانەوە" لەخۆیدا هەڵیگرتوون؛ ئەمانە خوێنەر ڕادەچڵەکێنن و زۆر مانادارن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە کار دەکەن بۆ جیهانێکی ڕاستەقینەتر و دابینکەری مافی مرۆڤ.

ئەگەرچی شعرەکانی نەزەند پڕن لە هێمای تایبەتی کولتوری، بەڵام بەڕای من پێویستە ئەو شاعرە بکرێتە شاعری فەخریی ڕێکخراوی دکتۆرانی بێسنوور: نەزەند لەم شعرە ناسکانە بەشێوازێکی زۆرتایبەت و بە نەرمی لە ژێر ڕۆشنایی ڕووداوەکان ڕەفتار لەگەڵ ڕۆحی مرۆڤ دەکات. زۆر لە شعرەکانی نەزەند بۆ دایکی نووسراون. کۆتایی شعری "خودا لای دایکم نەمردووە" نموونەیەکی زۆر جوانە بۆ ئەو ڕاستییەی کە زمان دەتوانێ دەربڕی دوو مانای هاوتا و بەهێز بێت:

تۆ کە دەتوانی باڵی سپی منداڵە جوانەمەرگەکانت ببینی
چەشنی هێڵی ڕۆشنایی لە شینایی ئاسماندا دەفرن
پێویستە خودات نەمرێت

لە کورتە شعری "سەفەر" دا نەزەند باس لە گەڕانێکی پڕتینی خود و خۆدەربڕین دەکات:

پەڕیمەوە بەرەو ئەو دیو

ئەو دیوی شتەکان
ئەو دیوی وشە
ئەودیوی لەش
ئەو دیوی با
ئینجا بە خۆم گەیشتم

زۆرجار لە کورتترین شعردا، شاعر تا ئەوپەڕی فەلسەفیە:

زانایی پێچەوانەی نەزانی نیە
بەڵکو فەزایە
بۆ رووانینێکی تر
بۆ بینینی پەنجەرەیەک کە پێدەکەنێت و
رۆشناییەکی جیاواز پەخش دەکات

تەنانەت بەختەوەری زاتیش لە شعرەکانی نەزەندا دەبێتە هەڵکشانێکی شآقوڵی:

بەختەوەری پەیژەیە
وەرە با پێکەوە بەسەریا هەڵگەڕێین

کۆتایی: ریچارد مەکەین، دیسێمبری 2004